# مۆرفۆپراگماتیکی ئیدیەم

# لە زمانی کوردیدا

**د.شیلان عومەر حسەین/ زانکۆی سلێمانی/ فاکەڵتی زمان و زانستەمرۆڤایەتییەکان/ سکوڵی زمان/ بەشی کوردی**

**پێشەکی:**

پراگماتیک بەشێکی زانستی زمانە، وەك فۆنۆلۆژی و سینتاکس و سیمانتیك. ئەوانە پێکەوە هەموویان لەڕوکاری زمانەوانیی ئاخاوتن دەکۆڵنەوە(بەپێی بنەماو تایبەتمەندی و جیاکاری هەریەکەیان) و بە پڕاوپڕی نەخشەی زانستی زمانمان بۆ دەکێشن. ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرخانکراوە بۆ ئەو کەرەسە مۆرفۆلۆژییانەی ئیدیەم، کە وا ڕەفتاردەکەن، کە بەهایەکی سیمانتیکی چەسپاویان نەبێت و وا دەردەکەون، کە لە بنەڕەتدا شوێنیان لە پراگماتیکدا بێت. ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە ئەوە بپشکنێت، کە چۆن مۆرفۆلۆژی و پراگماتیك یەکدەگرن و پەیوەستن پێکەوە و هاوبەشن. لێکۆڵینەوەو توێکاری لە مۆرفۆپراگماتیکی ئیدیەم بۆ پەرەپێدانی پێڕەوبەندی لێکۆڵینەوەکانی تری وەك مۆرفۆسینتاکس و مۆرفۆسیمانتیکی ئیدیەمە لە زمانی کوردیدا، ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتمەند دەکات ئەوەیە، ئەم بابەتە دەوەستێتە سەر بەکارهێنانی دەربڕاوە ئیدیەمییەکان لە بارودۆخی ئاخاوتنداو لێکدانەوەی هەڵوێست و لێکەوتەکانی و ئەو بارودۆخ و چوارچێوەیەی، لە کردەی ئاخاوتندا ڕۆڵدەبینن، ئەمەش بە تەواوی دورە لە مۆرفۆسینتاکس و مۆرفۆسیمانتیکی ئیدیەم. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ڕێبازی شیکاریی پەسنکەرانە ( Descriptive Analysis ) پەیڕەوکراوەو، کەرەسەی لێکۆڵینەوەکەش، کەرەسەی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست-شێوەزاری سلێمانیین و نمونەکان بەداڕشتەیی و ناداڕشتەییەوە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەوە وەرگیراون.

**١/١) ئیدیەم:**

ئیدیەم دەربڕینی فرە وشەیی یان فرە مۆرفیمین لە زماندا، سیماو تایبەتێتی و فۆڕمی چەسپاوو واتای ناداڕشتەیی(non-composionalty) جیاکەرەوەی خۆیانیان هەیە، کە لە یەکگرتنی وشەکان، کە فۆڕمێکی بەقاڵبوویان هەیە، لەگەڵ واتایەکی لێڵی تێکچڕژاو، کە واتای

خوازەیی/وێنایی* دەگەیەنن، داڕێژراون، ئیدیەمەكانی وەك(پایزە برا، چنگ لە سەر شان، دەزوی وشك دانیەتی،...)، لە ڕوی دروستەییەوە(مۆرفۆلۆژیی وسینتاكسیی)، بە یەكەیەكی زمانیی فرە وشەیی و چەقبەستوو چەسپاوو دانراون و، لە ڕوی واتاوە(سیمانتیكیی) بە یەك یەكەی فەرهەنگی و بە ناڕونی واتا دیاریكراون. ئیدیەمەكان لە زماندا ڕێكخستنێكی ئاڵۆزیان هەیە. لەبەر ئەمەیە زۆرێك لە زمانەوانان لەو بڕوایەدان، بۆ دەستبەسەرداگرتنی پڕاوپڕیی ئیدیەم‌وشیكردنەوەی پێویستە توێكاری زمانەوانیی ئیدیەم هەموو ڕەهەندەكانی پەیوەست بە ئیدیەمەوە لە خۆبگرێت ((ئیدیەمەكان ڕستێك وشەی هەمەچەشنەی دەربڕینن))[1]. دەربارەی ئەمە لە ئێستای لێكۆڵینەوە نوێیەكانی زمانەوانی ئیدیەمدا، جگە لە دیاریكردنی تایبەتێتیی مۆرفۆلۆژی و سینتاكسی و سیمانتیكی ئیدیەم، كار بۆ دیاریكردنی بنەما پراگماتیكی و دەرونزانی و كۆمەڵناسی و تەنانەت بنەما ئۆنتۆلۆژییەكان و دنیابینی ئەو نەتەوانەی خاوەنی ئەو ئیدیەمانەن لە زمانەكەیاندا دەكرێت. ئەوەش لە سەر ئەو بنەمایەی، كە ئیدیەمەكان زادەی ئەزمون و بەرهەمی لێكەوتەی قاڵبوونی مرۆڤەكانن لە ژیاندا.

بۆ لێكۆڵینەوە لە هەر لایەنێكی ئیدیەم یان هەر كەرەسەیەكی زمانیی تر پێویستە لە پێكهاتەی دەركردەی ئەو دەربڕاوانە بكۆڵینەوە. ئەم باسەش بۆ بنەما پڕاگماتیكییەكان پەیوەست بە دروستەی مۆرفۆلۆژی ئیدیەمی زمانی كوردی تەرخانكراوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە دروستەی ڕێكخراوەی ناواخنی پێكهاتەی ئیدیەم بخەینەڕوو، كە بریتین لە[2]:(ا) تایبەتێتیی سیمانتیكیی: واتای دەربڕاوێكی ئیدیەمی ناتوانرێت لە واتای فەرهەنگی وڕێزمانی بەشەپێكهێنەرەكانیەوە هەڵبگوازرێت، ئەمە بە نیشانەو سیمایەكی دیاری دەربڕاوە ئیدیەمیەكان دەستنیشانكراوەو بە زاراوەی نادارشتەیی لە زانستی زماندا ناسێنراوە. (ب) تایبەتێتیی دروستەیی و ناڕێكخراوەیی بوون، فۆرمی ئیدیەم لە شێوەكانی وشەی لێكدراو، فرێز، ڕستەدا دەردەكەون، هەرچەندە ئەمان بە پێی یاساو ڕێساو بنەمای ڕێزمانی زمانەكە داڕێژراون، لەگەڵ ئەوەشدا حاڵەتی ناڕێكخراوەیی و شازبوون لە دروستەیاندا بەدیدەكرێت، بۆ نموونە ناتوانرێت بە ئاسانی بەبێ شێواندنی واتایان، ئەم كردانەیان بە سەردا جێبەجێبكرێت[3]، وەك ( جێگۆڕكێ، تێئاخنین، بە ناوكردن، بكەرنادیاری، كۆكردنەوە، كرتاندن،...)، ئەمەش بۆ چەسپاوی و بە قاڵببوویی فۆرمیان دەگەڕێتەوە.( پ) ئاكاری مەرج و كۆتوبەند و هەڵاوێركردنی ڕێزمانی فەرهەنگییان هەیە ، بە واتای ئەوەی كەرەسە فەرهەنگییەكان بە پێی یاساو ڕێساو بنەماو تایبەتێتی، كە ڕێزمانی فەرهەنگی پێكدەهێنن، دەخرێنەتەكیەك (كەرەستە فەرهەنگیەكان دروستەی ناوەكیی خۆیانیان هەیە، كە بەهۆی یاسا فەرهەنگییەكانەوە دەنوێنرێن و بریتین لە: یاساكانی فۆرمدارشتن ( formation rules ) و

*زمانی خوازەیی ئاماژە بە واتای وشەیەك یان دەستەیەك لە وشەكان دەكات، كە زیادەڕۆیی یان گۆڕانكاری لە واتای باوو ئاسایی پێناسراوی پێكهاتەی وشەكان دەكەن. بڕوانە www.wikipidia.com .

[1] A . Langlotz(2006:2).

2 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[3] H.S.Nimat(2002:45).

constraint)) [٤]. یاساکانی هەڵگواستن (گواستنەوەکان) و یاساکانی کۆتوبەندومەرجوسنوردانان (
فەرهەنگ تەنها کەرەستە فەرهەنگیەکان ناگرێتەوە، بەڵکو ئەو شێوەو نەخشە ئەبستراکتانەیش دەگرێتەوە، کە کەرەستەکان دەتوانن تایبەتێتیە (زگماکی)ییەکان لەخۆبگرێت. بەم سیمایەی ئیدیەم لە زماندا وتراوە چەقبەستوویی. بەو پێیەی ئیدیەم لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێت، بەهاو دروستەی دەروازەی فەرهەنگی هەر کەرەسەیەکی فەرهەنگی لە سێ چەشنی زانیاری پێکهاتووە کە بە زانیاری فەرهەنگی دیاریکراون ،(١) زانیاری فۆنۆلۆژی (٢) زانیاری سینتاکسی، ئەم دوانە بە رێزمان دانراون [٥]. (٣) زانیاری سیمانتیکی. ئیدیەمیش بە هەمان شێوەی کەرەسە فەرهەنگییەکانی تر تیاندا بیر لە تەك دروستە سینتاکسیی و فۆنۆلۆژییەکەدا، لە ئاوەزدا لێکدەدرێن وئامادە دەکرێن بۆ بەکارهێنان.(ت) کۆکبوون و باوبوونی کۆمەڵایەتییانەی ئیدیەم، ئەمان سەربە پێڕەوی رێزمانی ئاخاوتنی کۆمەڵایەتین، پێکهاتووی زمانین، کە بە کردەیەکی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی رێککەوتوو و کۆکبوو لەسەریدا تێپەڕیون. ئیدیەم هێمایەکی ئاڵۆزەو دەبێت کۆمەڵ لەسەری رێکبکەون و پەسەندیبکەن و دانیپێدابنێن. بۆ دەستگرتن بە سەر ئیدیەمدا پلەبەندی ئەم کۆکبوونە لەناو ئاخاوتنی کۆمەڵەوە وەردەگیرێت، هەر لەمەشەوە دیاریکردن و پەسنکردنی ڕەهەندەکانی کلتور لە لێکدراویی وشەکانی وەك ئیدیەمەکان، بەئامانجی سەرەکی لێکۆڵینەوەکان دانراون [٦].
(ج) گۆکردنی پەیوەندیگرتن و پێڕاگەیاندنی ئاخاوتنی دیاریکراو بە ئاکام دەگەیەنن، لەگەڵ ئەمانەشدا ئیدیەمەکان بەوە دەناسرێنەوە، کە پەیام و بەهایەکی ڕەوشتییان تێدایە. ئەم یەکە فرە وشەییانە لە زماندا زۆر بلاون و پەیڕەوی بنەمای ڕێکخستنی بنەڕەتی لە بەرهەمهێنانی زمانیدا دەکەن. ئەمان بە تەواوی چەسپاون و دروست ناسراون لای هەریەك لە ئەندامانی کۆمەڵگەو بە بەردەوامیش لە کردەی ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێن.

٢/١) مۆرفۆپراگماتیك:

زاراوەی مۆرفۆپراگماتیك، لێکدراوی هەردوو زانستی مۆرفۆلۆژی و پراگماتیکە لە زانستی زماندا. بۆ تێگەیشتن لەم زاراوەیە پێویستە پەسنی هەردوو زانستەکە بکەین. مۆرفۆلۆژی بریتیە لە ((لێکۆڵینەوەی پێڕەوبەندانەی گۆڕانی فۆرم و واتای وشەکان، یاخود لێکۆڵینەوەیە لە پێکهاتەی وشەکان لە چۆنیەتی لێکدانی مۆرفیمەکان لە بەرهەمهێنانی وشەدا)) [٧]، یان((مۆرفۆلۆژی پەیوەستە بە فۆڕمی داڕشتەیی و ناداڕشتەیی وشەکان و پەیوەندییان بەواتاکانیانەوە)) [٨]. بە واتا دەستنیشانکردنی دروستەی ناوەوەی وشەکان بابەتە مۆرفۆلۆژییەکان پێکدەهێنن، دروستەی ناوەوەش خۆی لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و پەیوەندی مۆرفۆلۆژیدا دەبینێتەوە. ئیدیەمیش وەك نموونەیەکی فۆڕمی ناداڕشتەیی مۆرفۆلۆژیی، بەوەی لە ڕوی فۆڕم و واتاوە وەك یەك لێکسیم

---

R. Jackendoff (2009:41). [4]
D.steinberg (1999: 35 ). [5]
[6] بڕوانە: B.Kortmann & E.Traugott (2007:1).
[7] M.Haspelmath(2002:2,3).
[8] W.U.Dressler(1994:36).

دەردەکەون و هەروەك وشەکان مامەڵەدەکەن، دەتوانین دروستەی ناوەوەی ئیدیەمەکان بۆ پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی ئیدیەم و پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی ئیدیەم پۆلێن بکەین. پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی ئیدیەم ئەو چەشنەی، کە فۆڕم و ڕۆنانی وشەی لێکدراوی هەیە و لە مۆرفیمێك زیاتر، یان لە دانەیەکی فەرهەنگی زیاتر پێکهاتووە* ، دەگرێتەوە.

((ئیدیەم بە فۆڕمی وشەی لێکدراوییەوە، وەك فۆڕمێکی ئاڵۆز دەچێتە ناو لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆژییەوە، وەك پێکهاتەیەکی مۆرفۆلۆژی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت[9])). ئیدیەم لە زماندا لەو چەشنە وشەلێکدراوانەن، کە بە ئامادەکراوی هەن و جێگیرن و بوونەتە قاڵب، لە ڕوی واتاییەوە هەروەك وشە سادەکانی زمانەکە، بە وشەی تاریك دادەنرێن، ((وشەی سادە بە وشەی تاریك دادەنرێ، چونکە واتاکانیان لە فۆڕمەکانیانەوە، پێشبینی ناکرێت، تەنانەت ئەو وشانەش، کە بە سروشتی ناسراون، لە واتادا هەر لێڵن، چونکە واتاکانیان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێن))[(١٠)] ، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە فۆڕمی فۆنەتیکیی ئیدیەمەکان دەبنە هێما بۆ چەمکێکی ترو واتای سەرتاپای ئیدیەم لە واتای تاکە تاکەی دانەکانیانەوە فەراهامناکرێت، بۆ نموونە بە زانینی واتای فۆڕمی فۆنەتیکیی هەریەك لە وشەکانی(یەك، شەوە)، لە پێکهاتەی ئیدیەمی(یەك شەوە)دا، نابنە ڕێنماییکارمان بۆ زانینی واتای دەربڕاوە ئیدیەمیەکە بە گشتی، کە واتای(لە پڕ دەوڵەمەندبوون) دەگەیەنێت. بەگشتی وشەی لێکدراوی ئیدیەمی بەم پێکهاتانە دەنوێنرێن: (ا) ناوی لێکدراوی ئیدیەمی، بڕوانە(کونەبا، سوێرقسە، سەربەقوڕ، پایزەبرا...).(ب) ناوی ڕوداوی لێکدراوی ئیدیەمی، وەك( ملنان،ئابڕوچون،..).(پ) ئاوەڵناوی لێکدراوی ئیدیەمی بڕوانە( خەیاڵپلاو، خۆشباوەڕ، جەرگبڕ...).

پەیوەست بە پەیوەندی مۆرفۆلۆژیی ئیدیەمەوە، دوو جۆر پەیوەندی لە نێوان پێکهاتەکانی ئیدیەمدا هەیە ئەوانیش: (ا) پەیوەندی داڕێژەری/ لێکسیم دروستکردن. لێرەدا ئیدیەم بە جۆرێکی پرۆسەی هێمادانان دانراون و دەچنە فەرهەنگەوە و واتای نوێ دەبەخشن. (ب) پەیوەندیی ڕێزمانی/ فۆڕمە وشە دروستکردن[11]. گۆکردنی سەرەکی مۆرفێمی ڕێزمانی خزمەتکردنی سینتاکسیی پێکهاتە سینتاکسییەکانە و دەتوانرێت ئاسایی ببنە کەرەسەی پراگماتیك و واتای پراگماتیکیان لێهەڵبهێنجرێت. یاساکانی مۆرفۆلۆژی ڕێزمانی هەمیشە مۆرفۆسینسیماپراگماتیکیی لێهەڵدەگوازرێت، بۆ وەدەستخستنی پراگماتیکی پێکهاتە سینتاکسیەکان پێویستە لە خودی پێکهاتەسینتاکسییەکان بکۆڵینەوە.

هەرچی زانستی پراگماتیکیشە((جەخت لە پرۆسەکانی بەکارهێنانی زمانیی دەکاتەوە))[١٢]، پراگماتیك بە هاوواتای کرداریبوونی زمان دانراوە و یەکێکە لەو ڕایەڵانەی، کە دەبێت یەکە

---

*بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی بە پێکهاتەو پەیوەندی مۆرفۆلۆژیی ئیدیەمەوە، بڕوانە (شیلان عومەر حسەین(٢٠٠٩:١١٤).

9 W.U.Dressler(1994:54).

10 محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید: (٢٠٠٦، ٤١).

11 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، شیلان عومەر حسەین(٢٠٠٩: ١١٤–١٢٨).

12 J.Verschueren(1999:115).

زمانییەکانو بە تایبەت ئیدیەمەکان، بۆ ئەوەی بە ڕونی واتاو ناوەڕۆکو مەبەست بگەیەننو پرۆسەی پەیوەندیگرتنو تێگەیشتن کاملْ بکەن، پێویستە لە تەك ڕایەڵەکانی سینتاکس، سیمانتیکدا پیایاندا بپەڕنەوە. پراگماتیك لێکۆڵینەوەیە لە مەبەستی قسەکەرو لێکەوتەکانی لای گوێگر لە بارودخێکی وتندا، بە واتای ئەوەی مەبەستی قسەکەر( لە کردەی بەرهەمهێنانی زمانیدا) چۆنو چ کەرەسەیەك هەڵدەبژێرێتو بۆ هەڵیدەبژێرێتو ئامانج لێی چیە؟ لێکەوتەکانی لای گوێگر (لە کردەی تێگەیشتنی زمانیدا) واتە: چۆن واتاو چەمکەکان لەو کەرەسانە لای گوێگر لە بارودۆخێکی وتندا کەوتونەتەوە. پراگماتیك لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوان زمانو چوارچێوەی وتندا، کە بە ڕێزمانی کراوە*، یاخود لە دروستەی زمانیدا بە کۆدکراوە[١٣]. لە پراگماتیکدا گوێزانەوەی واتاو لێکدانەوەی تەنیا وابەستەی یاسا فەرهەنگیو سینتاکسیەکان نییە، بەڵکو جگە لە قسەکەرو گوێگر بۆنەی وتنو چوارچێوەی وتنو مەبەستی قسەکەر...ڕۆڵدەگێڕن.

پراگماتیك لێکۆڵینەوە لەوە دەکات، کە چۆن مرۆڤەکان لە کردەی پێڕاگەیاندن/پەیوەندیگرتنو کردەی قسەیی دەگەنو بەرهەمیدەهێنن لە گفتوگۆکردندا. بۆ ئەمەش سەرباس(Topic)ی پراگماتیکیی دەستنیشانکراون، بریتین لە: (ا) نیشانەکان، بریتین لە: نیشانەی کەسی(ئەو پارەوە بە تۆ قوتنادرێت)، نیشانەی شوێن(خانە بە دۆشە)، نیشانەی کۆمەڵایەتی(عەلەوجەلەی زۆرە)، نیشانەی کات(ئەمڕ بە سبەییم پێمەکە)، نیشانەی دەق(ئەمەیە یەکساڵ دوو ساڵە دەخەڵەتێنێت).(ب) گریمانەی پێشینە(بنوو بێتە خەوت). (پ) بنەماکانی ئاخاوتن، (ت) کردەی قسەیی(پاڵم پێوەنا)،(ج)شیکردنەوەی ئاخاوتن. (ح)بەخشکەیی دەربڕین..

گۆڕاوە پراگماتیکیەکان، یان دیاردە پەیوەندیدارەکانی دەوروبەری ئاخاوتنیش، ئەمانە دەگرێتەوە:

١. بارودۆخی ئاخاوتن (Speech Situation)، بارودۆخی ئاخاوتن بە ڕەهەندی چەسپاوو ڕوداوی ئاخاوتنیش بە ڕەهەندی جولاْو ناسێنراوە*. بارودۆخی ئاخاوتن، (١) ڕۆڵی بەشداربووان(بە تایبەتێتیو پەیوەندییانەوە)، (٢) شوێن، کات، هەموو کردەیەکی پەیوەندیگرتن، (٣) پێڕاگەیاندنی گۆڕاو(زارەکیو نازارەکی)، دروستەی کۆمەڵایەتی ئەم سێ گروپەی بارودۆخی ئاخاوتن پێکەوە دەبەستێتەوە. هاوبەشیکەرانی بارودۆخی ئاخاوتن تایبەتێتی چەسپاوی پەیوەستداریان هەیە، وەك گریمانەی پێشینە، تایبەتێتی ئاوەزداری، هەڵوێست(لایەنی دەرونزانی)، پەیوەندیگۆڕکێ(لایەنی کۆمەڵایەتی)و بریتیە لە قسەکەر( بەرهەمهێنەری ئاخاوتن)و وەرگر.

---

* کردەی بە ڕێزمانیبوون، بە گواستنەوەی هێما لە فەرهەنگەوە بۆ ڕێزمان وتراوە.

13 Levinson(1983:9).

*لێرەدا بە واتای میتافۆری بیر لە پراگماتیکی پەیوەندیگرتن کراوەتەوە، بەوەی لە نواندنی شانۆیدا ڕەهەندی چەسپاوو جولاْو دیریکراون، ڕەهەندی چەسپاو وەك پاڵەوانەکان، تەختەی شانۆ، دیکۆر، ڕوناکی ...، ڕەهەندی جولاْویش بەو کردانە دیاریکراون، کە لەلایەن پاڵەوانەکانەوە جێبەجێدەکرێن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (W.U.Dressler(1994: 5).

٢. ڕوداوی ئاخاوتن (Speech event): ستراتیژەکانی قسەکەرو پلانو مەبەستو ئامانجەکانی دەگرێتەوە.

بەهۆی زانستی پراگماتیکەوەیە دەتوانین پەی بە گۆکردنە سەرەکییەکانی زمان بدەین، ئەوانیش پەیوەندیگرتنو پێڕاگەیاندنو ئاوەزدارییە((پێڕاگەیاندنو ئاوەزداری دوو گۆکردنی بنەڕەتی زمانن))[١٤]، بۆ ئەمەش دوو چەشن لە واتا لە کردەی پەیوەندیگرتندا جیاکراونەتەوە: (١) واتاو زانیاری کەرەسە زمانییەکانی نێو ڕستەکان.(٢) مەبەستی کردەی پەیوەندیگرتن یان مەبەستی قسەکەر[١٥]. بەهایەکی گرنگی پراگماتیک لەوەدایە، کە دەبێتە سەرچاوە بۆ لێکدانەوەی مەبەستی شاراوەی قسەکەرانو ڕوکاری کۆمەڵایەتیو دەرونیو... لە دروستە زمانییەکانەوە. لەسەر ئەم بنەمایەش دەربڕاوە چەسپاوەکان بۆ دوو گروپ دابەشکراونو پێوەرەکانی: (–،+) کردەی قسەیی، (–،+) هاوواتای سەرتاپای ڕستەیەك بن، (=،+) بەکارهێنانیان لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا، بوونەتە بنەما بۆ جیاکردنەوەی دەربڕاوەکان، بڕوانە هێڵکاری(١–١)[١٦].




هێڵکاری(١–١)

بەم پێوەرە زاراوەی ئیدیۆمە پراگماتیکییەکان دیاریکرا، کە ئاماژە بەو دەربڕاوە ئیدیەمیانە دەدەن، کە دەتوانرێن لەلایەن بارودۆخێکی کۆمەڵایەتییەوە تویکاریان بۆ بکرێت، بەم پێیە پراگماتیك لایەنی کۆمەڵایەتیش لەخۆ دەگرێت، هەروەك چۆن نۆرمو یاسا خودییەکانیش لە بەرهەمهێنانو درککردنی زمانیدا لەخۆدەگرێت، بە واتایەکی تر هۆکاری کۆمەڵایەتیو کلتوریو

---

[14] W.U.Dressler(1994: 5).
[15] SHa Ozhong Liu(2003:29).
[16] S.Gramley&Patzold(1992:54).

فەرهەنگی و دەرونزانی ڕۆڵێکی گرنگ لە بەکارهێنانی زمانیدا دەگێڕن، لێرەدا پراگماتیک بە زانستی فرە ڕەهەند یان زانستی کۆکراوەی پسپۆڕییەکان ناوبراوەو پەیوەستکراوە، هەروەک چۆن بە زانستی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕ لە زمان بەکارهێناندا دیاریکراوە[17].

پراگماتیك یەکێکە لە ڕێگاکانی شیکردنەوەو لێکدانەوەی واتای ئیدیەم، دەتوانین پراگماتیکیانە لە ئیدیەم بکۆڵینەوە، بەوەی هەردوکیان پابەندی واتای فەرهەنگی نین و لێکدانەوەیان وابەستەی ئاخاوتنە، بەواتا پێویستمان بە دەوروبەری وتن و مەبەستی هاوبەشیکەرانی ئاخاوتن دەبێت((تەنیا دەوروبەرو باری دواندن دەریدەخات، وشەیەک یان دەربڕینێك بە کام لە واتا ستاندەرەکانی بەکارهاتوون))[18]. بۆ نمونە بڕوانە ئیدیەمەکانی[19]:

١) بەفر هەر لێرەدا چۆتەوە.

٢) ئەم گوێرەکەیە بە گا نابێت.

کەواتە لەم ڕونکردنەوانەی خرانەڕوو دەتوانین ((مۆرفۆپراگماتیك بە بواری واتای پراگماتیکیی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان))[20] بناسێنین، و لە پەیوەندی نێوخۆیی دروستەو پێکهاتەی دەربڕاوە زمانییەکان پەیوەست بە بارودۆخی ئاخاوتن و ڕوداوی ئاخاوتن دەکۆڵێتەوە. واتە لە گۆکردنی پراگماتیکیانەی پێکهاتەو پەیوەندیی کەرەسە مۆرفۆلۆژییەکان دەکۆڵێتەوە. شیکردنەوە لە دیاردەی مۆرفۆپراگماتیك لە زماندا بەم هەنگاوانە بە ستاندەرد دەکرێت[21]:

هەنگاوی یەکەم: چۆنیەتی ڕیزبەندی دروستەیی لە جێبەجێکردنی یاساکاندا(بە [22]بەرهەمی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان) و کردە مۆرفۆلۆژییەکان و دابەشکردنی دیاردەکان پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێت.

هەنگاوی دووەم: شیکردنەوەی سیمانتیکی یاسا و دیاردە مۆرفۆلۆژییەکان.

هەنگاوە سێیەم: توێکاری پراگماتیکیانە، بە واتا دیاریکردنی مۆرفۆپراگماتیك.

هەنگاوی چوارەم: ڕونکردنەوەو پەسنکردنی پەیوەندی نێوان پراگماتیك و سیمانتیك و سینتاکس و مۆرفۆلۆژی، یان وردتر بڵێین خستنەڕوی ڕاستییە دروستەییەکان.

بەم پێوەرانە پراگماتیکی مۆرفۆلۆژیی ئیدیەم شیدەکەینەوە، ئەویش بۆ پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و پەیوەندی مۆرفۆلۆژیی(داڕێژەریی و ڕێزمانی) دابەشکراوە، لێرەدا شیکردنەوەکان لەسەر دەربڕاوە داڕشتەیی و ناداڕشتەییەکانی(ئیدیەم بە نمونە) زمانەکە جێبەجێدەکەین، سەلماندنەکانیش بە دەربڕاوی ئاسایی* و ئیدیەمییەوە دەخەینەڕوو.

---

17 بڕوانە: SHa Ozhong Liu(2003: 4)

18 بەکر عومەر عەلی(٧٥:٢٠٠٠).

19 ئیدیەمەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە جەلال مەحمود عەلی(١٩٨٢) وەرگیراوە.

20 W.U.Dressler(1994:55).

21 W.U.Dressler(1994:56).

22 SHa Ozhong Liu(2003:15).

* لەبەرئەوەی شیکردنەوەی مۆرفۆپراگماتیکیانە لەسەر دەربڕاوە ئاساییەکان نەکراوە، بە پێویستمان زانی لەگەڵ ئیدیەمەکاندا ئاماژە بە دەربڕاوە ئاساییەکانیش بدەین.

**٣/١) مۆرفۆپراگماتیکی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی ئیدیەم:**

**زمانی کوردی وەك زمانێکی لکاو، زۆرینەی وشەکانی بە ڕێگای داڕشتن‌و لێکدان سازدەکات. پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی ئیدیەمیش بەوەی لە فۆڕمی وشەی لێکدراودایەو بە ئامادەکراوی لە زماندا هەن. ئەم وشە لێکدراوە ئیدیەمانە لە ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە بە پێکهاتەی( لێکدانی دوو مۆرفیمی سەربەخۆیە پێکەوە، یان لەگەڵ لاگرەکاندایە). لە ڕوی سینتاکسییەوە ناوی لێکدراوی ئیدیەمی، ناوی ڕوداوی لێکدراوی ئیدیەمی، ئاوەڵناوی لێکدراوی ئیدیەمی، پێکدەهێنن‌و بە پێی ئەو جێکەوتانەی لە ڕستەدا پڕیدەکەنەوە ئەرکەکانیان دەگۆڕێت. لە ڕوی سیمانتیکیشەوە دەبنە هێمای نوێ‌و چەمك‌و واتای نوێ دەگەیەنن. لە ڕوی پراگماتیکیشەوە دەتوانرێت لێکەوتە واتاییەکانیان بەپێی بەکارهێنانیان لە دەوروبەردا و بە پێی شێوازی قسەکەرو مەبەستی دەربڕین‌و شوێن‌وکات‌و هەموو ئەو هەلومەرجانەی ڕۆڵیان لە بارودۆخ‌و ڕوداوی ئاخاوتندا هەیە، لێکبدرێتەوە، بۆ نموونە ناوی لێکدراوی ئیدیەمی وەك(پایزەبرا، کونەبا)، پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی لە (١)دا خراوەتەڕوو:**

١) N ← N + Det + N

**٤) <پایز> + / –ە / + <برا>**

**٥) <کون>+ /–ە/+ <با>**

**لە(٤)دا بە واتای ئەوەی کەسێك درەنگ دەربکەوێت بەکاردەهێنرێت، بەڵام دەتوانرێت بە واتای خۆدزینەوەی کەسێك لە کارێك بەکاربهێنرێت، ئەمەش بە مەبەست‌و نیازی قسەکەرو بە پێی دەوروبەرێکی دیاریکراو بۆمان ڕوندەبێتەوە. ئیدیەمی(٥) یش، سەرباری ئەوەی بە واتای کەسێك کە سەرچاوەی شەڕو ئاژاوە بێت، بە واتای شوێنێکی زۆر سارد یان زۆر ڕەشەبا دێت، لەگەڵ ئەوەی بە کەسێکیش دەوترێت، کە چووە هەر شوێنێك فیتنەو دوو زمانی بڵاودەکاتەوە.**

**یان ئیدیەمەکانی وەك:(سەربەگۆبەن، کڵوکۆ، سەرقەڵەمانە)، لە(٢، ٣، ٤)دا پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییان دیارخراوە.**

٢) N ← N + Conj + N

**٦) <سەر> + / –بە / + <گۆبەن>**

٣) N ← N + N

**٧) <کڵو> + <کۆ>**

٤) N ← N + Adv

**٨) <سەر> + <قەڵەمانە>**

**ئیدیەمی (٦) بە واتای ئەرێنی‌و نەرێنی لێکدەدرێتەوە، بەوەی بۆ خۆشی بێت بەزم‌و گۆبەندی سازکردووە، یان بۆ ناخۆشی‌و شەڕنانەوە بێت. لە ئیدیەمی(٧)دا، کە دەوترێت (فلانە کەس کڵوکۆی دامرکایەوە)، پراگماتیکیانە ئەم لێکەوتانەی دەبێت، بەوەی ئەو کەسە سوتاوەو هیچی نەماوە، بنوبنەچەی نەماوە، یان کەسێکە هەڵپەی زۆریکردووەو هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی بە مەبەست‌و نیازێك بگات، کاتێك پێیدەگات پێی دەڵێن ئیتر کڵوکۆی دامرکایەوەو لە هەڵپەکردن**

کەوت. ئیدیەمی(٨) یش بە هەمان شێوە بۆ بەکارهێنانی ئەرێیانە یان نەرێیانە دەگونجێت، بەوەی (پاداشت وەربگرێت، یان بەرتیل، یان وەرگرتنی کرێی ئەو شتەی کە کراوە)، ئەمانە هەمووی بارودۆخ و ڕوداوی ئاخاوتن دیاریپیاندەکەن.

نمونەی ناوی ڕوداوی لێکدراوی ئیدیەمیش وەك: (پەڕوباڵکردن، ئاوکردنەژێر، پێلێداگرتن،دەمچەورکردن)، بۆ پێکهاتەکانیان بڕوانە:

٥) V + N + Conj + N ⟵ V

٩) <پەڕ> + / –و/ + <باڵ> + <کردن> پەڕوباڵکردن

٦) Adv + V + pp+ N ⟵ V

١٠) <ئاو> + <کردن> +/ –ە / + <ژێر> ئاوکردنەژێر

٧) V + Adv + N ⟵ V

١١) / –پێ / + / –لێ / + <داگرتن> پێ لێداگرتن

هەریەك لەمانە پراگماتیکیانە بەپێی بارودۆخی وتن و ڕوداوی وتن بەکارهێنانی جیاجیایان هەیە، وەك دەربڕاوی(٩) بە واتای(گەورە بووەو هاتۆتەوە بەخۆیداو تەمەنی منداڵی بڕیوە، لە کارێکدا سەرکەوتوو بووە، کەسێك لە خۆی بایی بێت، لە جوڵەی خست)، نمونەی(١٠) (جێی پێلێژکردو دەرییەڕاند)، دەربڕاوی (١١) لێکەوتەکانی(سوربون لە سەر کارێك، یان وازهێنان لە کارێك) بە پێی دەوروبەر دەتوانین هەڵبهێنجێنین.

ئیدیەمەکانی(گەردنکەچ، لێوبەبار) نمونەن بۆ ئاوەڵناوی لێکدراوی ئیدیەمی و لە ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە بەم پێکهاتانەی(١٢، ١٣) دەستنیشانکراون.

٨) N + N  A

١٢) < گەردن > + < کەچ>

٩) N + Det + N  A

١٣) <لێو> + / –بە / + <بار>

پراگماتیکی ئیدیەمی(١٢)لێکەوتەکانی(لارە ملە، نوشستی هێناوەو بارکەوتووە، خەفەتبارە، هەژارەو بێنەوایە، کۆیلەیە، دڵشکستە). ئیدیەمی(١٣) بە واتای(کۆستی کەوتووە، خەفەتبارە)، بە پێی دەوروبەرو بەکارهێنەران دەگۆڕێن.

٤/١ ) مۆرفۆپراگماتیکی پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی:

٤/١ –١) مۆرفۆپراگماتیکیی داڕێژەریی/ هەڵگواستن لە ئیدیەمدا:

کردەی داڕێژەری لە زمانی کوردیدا بە هۆی لاگرەکانەوە(پێشگر، پاشگر) جێبەجێدەکرێت، کاتێك لاگری داڕێژەری دەچێتە پێش یان پاشی وشەیەکەوە فۆڕمی نوێ و چەمکی نوێ دروستدەکەن، وشە داڕێژراوەکان قەدی نوێ بۆ مۆرفێمە ڕێزمانییەکان ئامادە دەکەن. ئەم لاگرە داڕێژەرییانە لە

**فەرهەنگدا وەك هەڵگری واتا تۆمارکراون‌و لە مۆرفۆلۆژیدا، لەگەڵ ئەو وشانەی کە پێوەیاندەلکێن لێکسێمی نوێ(فۆڕم‌وچەمکی نوێ) دەگەیەنن‌و لە سینتاکسیشدا ئەرکیان بە پێی پۆلی ئەو فۆڕمە وشەیەی، کە پێکیدەهێنن، دیاریدەکرێت. ئەم لاگرانە(پێشگر، پاشگر)، بە پێی ئەرك‌و واتایان‌و بە پێی پۆلی ئەو وشانە( ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، کردار...)ی، وەریاندەگرن، ڕۆڵدەبینن. لەگەڵ ئەمانەشدا دەتوانرێت پراگماتیکیانە بە پێی بارودۆخی ئاخاوتن‌و ستراتیژی قسەکەرو کات‌و شوێن‌و لایەنە کۆمەڵایەتی‌و دەرونی‌و ڕوداوی ئاخاوتن، لێکدانەوەی واتاییان بۆ بکرێت، جگە لە واتای سیمانتیکیان دەتوانرێت لێکەوتەی واتایی پراگماتیکیی جیاجیایان لێهەڵبهێنجرێت‌و تەنانەت ئەوەشمان بۆ پەسندەکەن، کە ئەم مۆرفیمە داڕێژەرییانە لە بنەڕەتدا بە مەبەست، واتە پراگماتیکیانە بەکارهێنراون. مۆرفێمی داڕێژەریش بۆ پێشگرو پاشگرپۆلێنکراوە[23]. پێشگرەکان دەکەونە پێش بناغەوەو وشەی نوێ پێکدەهێنن، لەوانەش(دا، ڕا، هەڵ، بە، بێ،...) ، وەك لە (هاتن>ڕاهاتن، داهاتن، هەڵهاتن<) دا واتای فەرهەنگییان دیارە جیاوازەو ئەمەش بۆ ئەو وشە نوێیانە دەگەڕێتەوە کە پێشگرەکان سازییانکردووە.**

**ئیدیەمەکان بە فۆڕمی جیاجیایانەوە هەموو بە یەك لێکسێم دانراون‌و یەکێکن لە ڕێگەکانی دەوڵەمەندکردنی زمان‌و فەرهەنگی زمانیی، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین لە دروستەی ناوەوەی پێکهاتەکانیدا ئەرکی ئەو پێشگرانە دیاریبکەین، کە ڕۆڵیان هەیە لە لێکدانەوەی واتایی دەربڕاوە ئیدیەمیەکاندا، بۆ نمونە بڕوانە:**

**١٤-ا) خۆی داکوتا.**

**ب) خۆی کوتا.**

**لە(١٤-ا)دا هەریەك لەو واتاییانەی(خۆی دامەزراند، خۆی جێگیر کرد، خۆی سەپاند)، لەسەر بنەمای نیازی قسەکەرو بارودخی گوتن‌و کردەی گوتن جیادەکرێنەوە، ئەم فرە لێکەوتەییە بۆ پێشگری>-دا<دەگەڕێتەوە، بەراوردی>کوتا<و>داکوتا< لە ڕستەکانی(١٥)دا بکە.**

**١٥-ا) پێی هەڵخزا.**

**ب) پێی خزا.**

**ئیدیەمی(١٥-ا) واتاکانی(کەسێك پەلاماری کارێك بدات کە لە توانایدا نەبێت، خۆی ڕیسوا کرد، کارێکی نابەجێی کرد، عەیب‌و عارەکانی خۆی هەڵماڵی، تێکەوت)، بەپێی بارودۆخی ئاخاوتن‌و کردەی ئاخاوتن ومەبەست‌و ستراتیژی قسەکەر...دەگۆڕێت‌و لێکدەدرێتەوە. پێشگری>-هەڵ< زیاتر جەخت لەسەر واتای ئیدیەمی دەربڕاوەکە دەکاتەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئیدیەمەکانی(١٦-٢٢) بەپێی بەکارهێنانیان لە بارودۆخی ئاخاوتن‌و ڕوداوی ئاخاوتنی جیادا واتاکانیان دەگۆڕێت، بڕوانە ئەم نمونانە:**

**١٦) بە دەست‌ودڵە. (خێرخوایە. نانبدەیە، چروك نییە، بە خشندەیە، دەست‌ودڵی باشە، دڵفراوانە).**

---

23 سازان زاهیرسەعید (٢٠٠٩: ١٧).

١٧) به دەستو بردە.(چالاکە لە کارکردندا، گورجە، کاری بە ئاسانی و بە زویی لەبەر دەڕوات، هەڵمەتی هەیە لەئیشکردنداو خاووخلیچك نیە).

١٨) بیٚ بارە.(هەردەمە لەسەر پەتێکە، کەسێکە جێی بڕواومتمانە نیە، ڕاڕایە، خاوەن بڕیارو پەیمان نیە، باری نییە لە سەری بکەوێت، بودەڵەیە، بیٚ بڕشتە).

١٩) بیٚ پەڕو باڵە.(بیٚ هێزە ، پەککەوتەیە، بیٚ کەسو پشتیوانە، کاری لەبەر ناڕوات).

٢٠) بیٚ چاوو ڕووە.(بیٚ شەرمە، چەقاوەسووە، هارە ).

٢١) بیٚ دەمو پلە.( نازانێت بدوێت، زۆر شێنەییە، بەستە زمانە، دەمی خاوە).

٢٢) بیٚ سەرو بەرەن.(بەرەڵاَن، گەورەو بچوکیان لە ناودا نییە، نە گەورەیان گەورەیەو نە بچوکیان بچوکە، شپرزەن لە کاردا).

ئیدیەمەکانی (١٦-٢٢) لە ڕوی دروستەییەوە(لە مۆرفۆلۆژیدا) لە پێشگر(هەڵگری واتا)و وشەی سەربەخۆ(خاوەنی واتا) پێکهاتوونو ئاوەڵناوی نوێیان(لە سینتاکسدا) سازکردووە، هەموو ئەو واتاییانەیان، بەهۆی پراگماتیكو سەرباسو بواروديارده پراگماتیکییەکان لێکدەدرێنەوە.

هەرچی پاشگرەکانیشە بە پێی ئەو واتا نوێیەی بە وشەکانی دەبەخشن جیاکراونەتەوە بۆ:

١. مۆرفێمی داڕێژەری شوێن پێکهێن:

شوێن وەك یەکێك لە نیشانە پراگماتیکییەکان، چەشنێکی بەهۆی مۆرفێمی داڕێژەرییەوە دروست دەبن. مۆرفێمی داڕێژەری شوێن، یاخود جێگە چەشنێکی مۆرفێمە داڕێژەرە فەرهەنگیەکانی زمانی کوردینو کارایی ئەم مۆرفێمانە بۆتە هۆی لەدایکبوونی کۆمەڵێکی زۆر لە وشە، کە شوێن دەگەیەننو لە فەرهەنگدا تۆمارکراون. داڕێژەریی ڕێگەیەکی گرنگیی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیە. نمونەی مۆرفێمە داڕێژەرە شوێنیەکان، وەك: {گا، گە، ستان، خانە، دان، لاَن، ەلاَن، ەن، جاڕ، زار، ەوار..}، ئەمانە دەتوانرێن بەپێی بەکارهێنانیانو بەهۆی لێکدانەوەی ئەو دەوروبەری، کە ئەو دەربڕینەی تیا وتراوەو بەپێی بارودۆخو کردەی وتن لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ بکرێت، یاخود لێکدانەوەی جیاواز هەڵبگرن،((ناوی شوێنی داڕێژراو بەهۆی ئەو مۆرفێمانەوە، کە وەك پاشگرێك بە کۆتایی کەرەسە زمانییەکانەوە دەنوسێنو ناوی شوێنی لیٚ پێکدێنن، دێتە کایەوە، ئەمانەش بەکارهێنانی ئاساییو پراگماتیکییان هەیە))[٢٤]. بۆنموونە لە دەربڕاوە ئاساییەکاندا بڕوانە:

٢٣-أ) چی لە سروشتدا جوانە؟

ب) گوڵزار جوانە.

پ) دیمەنی گوڵزار جوانە.

لە(٢٣-ب،پ)دا پاشگری (زار) لە وشەی (گوڵزار)دا هۆکارێکە بۆ دەرکەوتنو سەرهەڵدانی لێکدانەوەو واتای جیاواز، وەك ئەوەی گوڵزار باغێکی پڕلەگوڵ بێت، یاخود ناوی کچێك بێت، یاخود کە دەوترێت (دیمەنی گوڵزار جوانە) ئایا مەبەست پێی دیمەنی کچێکەوناوی (گوڵزار)ە

24 ) د. هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٠: ٧٥).

جوانە، یاخود بینین‌و تەماشاکردنی دیمەنێکی پڕلە گوڵە لە دەشتاییەکدا. ئەم لێکدانەوەیە بۆ نمونەی(٢٤)یش دروستە.

٢٤-ا) کورد چۆن بوو؟

ب) کوردستان چۆن بوو؟

ئیدیەمەکانیش وەك نمونەی دەربڕاوە نادارِشتەییەکان‌و هاوشێوەی دەربڕاوە ئاساییەکانی زمانەکە، هەموو دیاردە زمانییەکانیان بەسەردا جێبەجێبەدەکرێن، بۆ خستنەڕوی دیاردەی پراگماتیکی مۆرفێمی داڕێژەری شوێن پێکهێن لە ئیدیەمدا، بڕوانە:

٢٥) خۆ خومخانە نیە. (بە یەکێك دەوترێت، کە لە کارێکدا زۆر پەلەت لێبکات، کار لە خومخانەدا ئاسانە، خومەکە لە بەنەکە هەڵدەکێشرێت‌و ڕەنگ دەبێت، یان بۆ گۆڕانی خێرای شتێك دەوترێت).

٢٦) میچی قومارخانەیە.(بە یەکێك دەوترێت شەوو ڕۆژ قوماربکات، بە یەکێکی فێڵبازی چوختی دەوترێت، یان کەسێك هەمیشە لە شوێنێکدا کەوتبێت ).

٢. مۆرفێمی داڕێژەری ناوی بچوککراوە پێکهێن:

کۆمەڵێك مۆرفێمی فەرهەنگیمان هەیە، کە ناوی داڕێژراوی بچوککراوە دروست دەکەن، کە بریتین لە >لە، ڵە، یلە، چە، ە، ۆچکە، چکە،...تاد<، ئەمانە جگەلە گەیاندنی واتای بچوککردنەوە بۆ خۆشەویستی‌و ناسك‌و نازداری، یاخود بۆ سوکایەتیپێکردنیش بەکاردەهێنرێن، بۆنموونە>براله، خنجیلە، ناسکۆڵە، وردیلە، بەرخۆلە، کیژۆڵە، کاریلە<

ئەم مۆرفێمانە دەتوانرێن پراگماتیکییانە بەکاربهێنرێن‌و لێکدانەوەی پراگماتیکییان بۆبکرێت، ئەمەش بەوەی کە بەپێی بارودۆخی وتن‌و کردەی وتن بەکارهێنانیان دەگۆڕێت‌و واتاو مەبەست‌و لێکەوتەی جیایان دەبێت سەرباری ئەو واتا فەرهەنگیەی کە هەیانە، هەندێکیان جگە لە واتای بچووککردنەوەو مەبەستی تریش دەگەیەنن[25]. ئەم مەبەستەش بەپێی دەوروبەری وتن‌و دیاردەکانی وەك بارودۆخی وتن‌و ڕوداوی وتن دەگۆڕێت‌و هەر ئەمەشە وایلێدەکات، کە بەکارهێنانی جۆراوجۆر بگەیەنێت، ئەگەر بەشداربووانی بازنەی ئاخاوتن زانیاری پێشوەختیان نەبێت، یاخود ئاگایان لە وتنەکە نەبێت ئەوا لێڵی واتایی دێتە ئاراوە، یاخود دەتوانرێت لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت، ئەمەش بەهۆی ئەو مۆرفێمە وشە داڕێژەرانەوەیە، کە ناوەکەیان پێکهێناوەو قورسایی دەکەوێتە سەرو هەر ئەمانن دەبنە هۆی ئەوەی لێکەوتەی جیاجیا هەڵبگرن‌و لەسەر بنەمای مەبەستی قسەکەرو دەوروبەری وتنەکە پراگماتیکییانە لێکبدرێنەوە،(کەواتە بۆ بڕیاردان و تێگەیشتن لە واتای وشەی بچوککراوە، پێویستە بۆنەی وتن، کات‌وشوێنی قسەکردن، تەمەن، جۆرو پلەی نێوان پەیوەندی قسەکەرو گوێگر، هەستی قسەکەر ،

---

25 د. ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩: ١٢٢)، لە پۆلێنکردن‌و لێکدانەوەی ئەم جۆرەی مۆرفێمی وشە داڕێژەر، ئاماژەی داوە بەوەی کە بە مەبەستی تر بەکاردەهێنرێن‌و ئەم (مەبەست)انەش خودی پراگماتیکە.

ئاوازی دەنگ، بە هەند وەربگیرێن‌و لەو ڕوانگانەوە واتاو جۆری مەبەستەکان بخرێنەڕوو))[26]، بۆنموونە لە دەوروبەرێکدا کاتێك دەوترێت:

٢٧-أ) چی لە سروشتدا جوانە؟

ب) باغچە جوانە.

پ) باغ جوانە.

لە (٢٧-ب)دا ئەگەر دەربڕینەکە بەشێوەی (٢٧-پ) بێت، ئەوا ناتوانین بەمەبەستی جیاجیا لێکیبدەینەوە. مۆرفێمی داڕێژەری (چە) لە دەربڕاوی (٢٧-ب)دا، بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو ڕستەیە بەپێی دەوروبەری وتنەکە واتاکەی بگۆڕێت، بەوەی ئایا قسەکەر مەبەستی مرۆڤە واتە وەك ناوی کچ بەکاریبهێنێت، یاخود مەبەست لە باغێکی بچوك‌و دیمەنی باغچە بێت بەلای بەشدارانی ئاخاوتنەوە گرنگ‌ومەبەست بێت، واتە لە دەوروبەری وتنەکە بکۆڵینەوە دەتوانین بڵێین ئایا مەبەست پێی کام لێکەوتەیەی ئەم دەربڕاوەیە.
ئەم دەربڕاوە بۆ ئەو کەسانەش، کە بە ناڕاستەوخۆیی لە بازنەی ئاخاوتندا بەشدارن بەهەمان شێوە لێڵی دەهێنێتە ئاراوە، تا ئەوکاتەی بەهۆی دەوروبەرەکەوە بۆ کەسی سێیەم ڕوندەبێتەوە، کە ئایا مەبەست لێی کام واتایەیە. یاخود لە نمونەیەکی تری، وەك:

٢٨-ا) برا گیان هاتیت.

٢٨-ب) برالە گیان هاتیت.

(٢٨-ب) لێکدانەوەی واتایی زیاتر هەڵدەگرێت، بەپێی ئەو دەوروبەرەی کە تیایدا بەکاردەهێنرێت‌و دەتوانرێت بەهۆی مۆرفێمی داڕێژەری (لە)ەوە بزانرێت ئایا لێرەدا قسەکەر بەمەبەستی بچوککردنەوە، یاخود ناسك‌و نازداری بەکاریهێناوە، یاخود مەبەست پێی توانجدان‌و تەوس‌و تانەدانە. (برالە) بە چەند واتایەك دێت، لەوێدا دەشێت واتای خۆشەویستی‌و ناز بگەیەنێت یان واتای تانەو توانج، یان واتای فەرهەنگییانەی خۆی لە بچوکی برایەك لەڕووی تەمەنەوە بگەیەنێت یان بە کەسێکی دوری گەنج دەوترێت، کە ماوەیەکی زۆر نەبینرابێت، یان لەدەرەوەی ئەو شوێنە بێت‌و بە سەردان هاتبێت. بۆ نمونەی ئیدیەمیش بڕوانە:

٢٩-أ) خانۆچکەی مناڵانە.

٢٩-ب) خانووی مناڵانە.

لە(٢٩-أ)دا پاشگری (ۆچکە) وایکردووە، کە ئەم دەربڕاوە پراگماتیکییانە لێکبدرێتەوەو مەبەستی جیاجیای قسەکەر بەپێی دەوروبەر دیاریبکرێت، بەوەی کە قسەکەر کاتێك دەڵێت (خانۆچکە)، بە کارێك دەڵێت کە بنچینەی نەبێت و بێ بنەما بێت، یان بە کارێك یان شتێکی بچوك‌و کەم بەها بەکاریدەهێنێت، یاخود بۆ سوککردن‌و کەم بەهاکردنی ئەو ئیشەیە. لێرەدا، بەهۆی وشەی >خانووچکەوە<، پلەی ڕێز لە شێواز دەزانرێت لە نێوان هاوبەشیکەرانی ئاخاوتندا، کە بەکارهاتووە. کۆمەڵێك نیشانەمان هەن، کە پلەو پایەو شێوازی ئاخاوتنی قسەکەرو گوێگر تەنانەت لایەنی کلتوریی‌و کۆمەڵایەتیش نیشاندەدەن، بۆ نموونە پلەی ڕێزگرتن، شێوازی دەربڕین،...لە (٣٠)دا دەردەکەوێت.

٣٠-ا) با گوڵە بێتەوە لە کانی.

ب) با گوڵ بێتەوە لە کانی.

[26] سازان زاهیر سەعید(٢٠٠٩: ٥٣).

لە (٣٠-ا)دا ئەم دەربڕاوە ئیدیەمە بە واتای (ئەو داخوازییە یان ئەو شتە هەر نایەتە دی)، دەشگونجێت کورتککراوەو بچوککراوەی ناوەکانی(گوڵزار، گوڵستان،..) بێت، بۆ لایەنی ئەرێی یان نەرێی بەکارهێنرابێت، یاخود دەگونجێت (گوڵە) وەك میتافۆرێك خوازرا بێت بۆ کەسێکی تر. هەروەها بڕوانە(٣١):

٣١) مەلا نییە مەلکە قۆڕە سەرسپییەو لفکە شۆڕە. ( بە تەوس‌وگاڵتەوە بە یەکێك دەوترێت بۆ دەستبڕین خۆی کردبێت بە مەلاو سەرەواو لە سکیدا نەبێت، یان کەسێك خۆی بە زانا یان دانا دابنێت‌و بەڵام هیچ لە باریدا نەبێت،...).

٣. مۆرفێمی داڕێژەری ناوی پیشە پێکهێن:

کۆمەڵێك پاشگری زۆر هەن >چی، ەوان، گەر، ین...<، کە دەچنە سەر (ناو، ئاوەڵناو، کردار) ناوی پیشە سازدەکەن، ئەمانەش پراگماتیکییانە لێکدەدرێنەوەو بەکارهێنانەکانیان دەگۆڕێت، واتە بەپێی دەوروبەرو بەشداربووان‌و هەلومەرجی ئاخاوتن لێکەوتەی واتایی جیاجیای لێدە کەوێتەوە، ئەم ناوانەی کە ئەم مۆرفێمە وشە داڕێژەرانە پێکیانهێناوە هەڵگری لێکدانەوەی جیاوازن، وەك:

٣٢-أ) شەوە هات.

ب) شەو هات.

لێرەدا بەپێی بەکارهێنان دەگۆڕێت، ئەگەر دایکێك یا باوان بیڵێن (شەوە) مەبەست لێی شتێکی ئەفسانەییەو منداڵی پێ دەترسێنرێت تا بخەوێت یاخود بۆ هەر مەرامێکی تر بێت. یاخود مەبەست پێی کورتکراوەی ناوی (شەوبۆ، شەونم..) بێت کە لە کوردیدا بۆ نازداری‌و خۆشەویستی بەکاردەهێنرێت. نمونەیەکی وەك:

٣٣) نانەوا نییە.

ئەمە چەند لێکدانەوەیەك هەڵدەگرێت بۆ کەسێك ئەگەر ئاگای لەو دەوروبەرە نەبێت، کە ئەمەی تیاوتراوە، وەك ئەگەر قسەکەرو گوێگر باس لە ئێزگە بکەن‌و قسەکەر ئەم دەربڕاوە بڵێت مەبەست لێی ئێزگەی نەوا نییە. یاخود ئەگەر هاتوو قسەکەر وتی (نانەوا نییە) مەبەست پێی نانەواخانە نییە، یاخود وەکو مەحوی شاعیر دەڵێ:

بەخششی دنیا مەخۆ، یەعنی بە نانێکی جۆ

خۆ مەکەرە بەر منەت پیرەژنی نانەوا[27]

کە لێرەدا (نانەوا) مەبەست پێی (نیەت‌و نەوای دڵە)، هەروەها دەتوانرێت هەر لە ڕستەی (٣٣) ئەوەش لێکبدەینەوە کە مەبەست پێی (نەوا) ناوی کچێکە کە ئەوکەسە نەوا نییەو کەسێکی ترە ئەمە ئەگەر هاتوو لەوەڵامی پرسیارێکدا ئەم دەربڕاوە دەربڕێت. ئیدیەمێکی وەك(٣٤):

٣٤-أ) نوقڵانەی بۆلێدا.

ب) نوقڵی بۆلێدا.

دەربڕاوی (٣٤-أ) واتای جیا بەپێی مەبەستی قسەکەر دەگەیەنێت. نوقڵانە بەهۆی بەهای واتاییەکەی ڕۆڵ دەبینن بەوەی بە پلار بێت یاخود بە ڕێزگرتنی بەهابێت یا بۆ خۆشی یا بۆ ناخۆشی یا بۆ نەهامەتی بێت

[27] دیوانی مەحوی (٢٠٠٨: ٦٩).

یا بۆ شادی بێت یاخود بەکارهێنانی لەبواری نەرێیدا ئەمانە هەمووی کردەی وتن‌و بارودۆخی وتن دیاریدەکەن.

٣٥-أ) مژدانەی دا پێی.

ب) مژدەی دا پێی.

لەهەردوو نموونەکانی(٣٤-أ، ٣٥-أ) بەهۆی مۆرفێمە داڕێژەرەکانی (انە)وە، بۆتە هۆی ئەوەی کە دەربڕاوەکە واتاو مەبەستی بگۆڕێت، وەك مەبەست لە مژدانە پەیامێکی خۆشە یاخود بەخششێکی مادیی یا هەرچیەك بێت دەگەیەنێت، کە لەبەرامبەر مژدەیەکی دیاریکراو دەدرێت، لێرەدا ناوەرۆکی ئەو شتەی کە دەدرێت دیارینەکراوەو بارودۆخ‌و دەوروبەرو هاوبەشانی بازنەی ئاخاوتن دیاریدەکەن. ئیدیەمەکانی(یەك شەوەیە، یەك باڵە، یەك دەستە، یەك چاوە، یەك دڵە، یەك قسەیە، ...) نمونەن بۆ ئەم چەشنە داڕێژەرییە.

٤. مۆرفێمی داڕێژەری ناوی ئەبستراکتیی:

ناوی ئەبستراکت بەهۆی پاشگرەکانی {=ایی،=ی، =ایەتی، =انە، =ین،-ەتی...} دروست دەبن، ئەمانیش بەهەمان شێوە پراگماتیکییانە بەکاردەهێنرێن، بۆنموونە کاتێك دەوترێت:

٣٦) کوێری.

لێرەدا بەواتای نابینا دێت‌و هەروەها کاتێك کەسێك شەق لە شتێك هەڵدەدات یاخود سەرسمێك دەدات... بەتایبەتی کە منداڵ ئەم کارە دەکات، باوان پێی دەڵێن کوێری نایبینی.

٣٧) نەرمین بیهێنە.

ئەمە دەکرێت بڵێین کەسێك ناوی نەرمین بێت‌و شتێك بۆ کەسی بەرامبەر بهێنێت، ئەم نەرمینە لە (ئاوەڵناو+ مۆرفێمی داڕێژەری ین) پێکهاتووە، یاخود بەواتای تری وەك ئەوەی کە ئێمە نەرمین‌و شلین بۆ ئەو کارە یا شتە بیهێنە بابیکەین یا بیخۆین کە ئەمەی دواییان لە (نەرم + ڕاناوی لکاوی یەکەمی کر (ین) پێکهاتووە.

٣٨) پیری‌و هەزار عەیب.

لەڕووی واتای فەرهەنگیەوە (پیری) بۆ تەمەنێکی مرۆڤە کە لەسەروو (٦٠) ساڵییەوەیەو ئەو مرۆڤە توانای لاشەیی‌و هۆش‌و زۆر شتی تری کەمدەبێتەوە، بەڵام دەربڕاوی (٣٨) زۆرجار بەپێی بەکارهێنان بەم واتایە بەکارنایەت، بەڵکو کەسێك ئەگەر هیلاك‌و ماندوو بێت لەکارێکدا ئەم وتراوە دەڵێت، یاخود کەسێك گەر توانای نەشکێت بەسەر کارێکداو بۆی نەچێتە سەر ئەمە دەڵێت.

یاخود کە دەوترێت:

٣٩) ڕاستی‌و مەستی.

ئەمە دەگونجێت ناوی دوو منداڵ بێت کاتێك قسەکەر دەپرسێت منداڵەکانت ناویان چیە، گوێگر ئەم وەڵامە بداتەوە (ڕاستی‌و مەستی)، یاخود ئەگەری ئەوە هەیە وەکو پێشینان دەڵێن‌و ئەگەر کەسێك مەست بێت واتە سەرخۆش بێت ئەوا دەتوانیت هەموو ڕاستیەکانی لێ دەربهێنیت واتە لەکاتی بێ ئاگاییدا ئەوکەسە کە ئاگای لەخۆی نییە هەموو شتێك دەدرکێنێت.

٤٠) بە کوێرایی چاوی ئەو.(بە ڕقەوە بە یەکێك دەوترێت کە ناحەز بێت).

٤١) بناوانەی شلە. (کارەکەی بێ بنەماو هەڕەمەکییە).

٤٢)مانگی شەرمێیەتی.(بەکەسێك دەڵێن شەرمبکات‌و شەرمەکەی لە جێی خۆیدا نەبێت).

٤٣) خوێنگریەتی(میراتگریەتی، کەسێك بتوانێت تۆڵەی خوێنی بۆ بکاتەوە)

٤/١) مۆرفۆپراگماتیکیی ڕێزمانی/ سینتاکسی لە ئیدیەمدا:

پۆلە داخراوەکان(پۆلە ڕێزمانییەکان/ سینسیمانتیکییەکان)، کە مۆرفێمە ڕێزمانییەکان پێکیاندەهێنن‌وئەرکیان دروستکردنی پەیوەندییە ڕێزمانییەکانە لەنێوان کەرەستەکانداو ئەم پەیوەندییە ڕێزمانیە بە پەیوەندی مۆرفۆسینتاکسی دانراوە، لەبەرئەوەی کۆی تایبەتێتی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس پێکەوەیە، یان لەبەرئەوەی کردەی گۆکردنی سینتاکسی فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان بە هەموو تایبەتیەکانەوە لەخۆدەگرێت‌و بە ڕایەڵەی پەیوەستبونی مۆرفۆلۆژی‌و سینتاکس دانراون*. پۆلە داخراوەکان زیاتر لە ڕۆڵێك دەبینن، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە، کە ئەرکە سینتاکسیی‌و سیمانتیکی‌و پراگماتیکییەکان بەهۆی ئەمانەوە لە زماندا دەردەبڕدرێن‌و دیاریدەکرێن.

پۆلە داخراوەکان بە پۆلە کراوەکانەوە دەلکێن‌و ئەم چەشنانەیان لێدیاریکراوە، پراگماتیکیانە دەیانخەینەڕوو، کە ئەمانەن:

پراگماتیکی مۆرفێمە ڕێزمانیی/مۆرفۆسینتاکسیەکان لە چەمانەوەی سەرەناودا:

١- مۆرفێمی دیاریکردن و دیارینەکردن‌وکۆ لە ئیدیەمدا:

مۆرفێمی ڕێزمانیی >-ەکە، یێك< بۆ دیارکردن‌و دیارنەکردنی ناوی تاك بەکاردێت. ئەمانە بۆ بە پڕاوپڕی دیاریکردنی واتاکەی‌و تێگەیشتن لێی، هەر دەبێت بەپێی دەوروبەرو نیازو مەبەستی هاوبەشیکەرانی ئاخاوتن‌وشوێن‌وکات‌و بارودۆخ‌و ڕوداوی ئاخاوتن لێکدانەوە بۆ واتاو لێکەوتەکانی بکرێت، بە واتا دەبێت پراگماتیکیانە شیکردنەوەیان بۆ بکەین، گرنگی هەموو مۆرفێمە ڕێزمانییەکان لەوەدایە، کە خۆیان هەڵگری واتان‌و ماناکانیان لە کەرەسەکانی ڕستەوە بەدیناهێنرێت‌و تەنها دەوروبەر وهاوبەشیکەرانی ئاخاوتن دیاریکەری واتایانن، بۆ نمونە بڕوانە :

٤٤) تاڵێکم بۆبێنە.

لێرەدا دەوروبەروپەیوەندی نێوان قسەکەرو گوێگرو شوێن‌وکات... دیاریدەکەن، کە ئەو (تاڵ)ە، (تاڵ)ی دەزوو بێت، یان چای تاڵ بێت، یاخود ئارەق خواردنەوە(شەراب) بێت، لەبەرئەوە ئەو>-یێك<ە وەك نیشانەیەکی پراگماتیکی دیاریکەری واتاکەیە لەلای ئاخێوەران. یان لە نمونەی ئیدیەمێکی وەك(٤٥)دا:

٤٥) لەوەڕەکەی خۆشە.

بەواتای پراگماتیکییانە دەشێت ئەو واتایە بگەیەنێت، کە ئەو شوێنە شوێنێکی لەبارە بۆ دەستکەوت یان بۆ گەندەڵی، یاخود شوێنێکی شیاوە بۆ کارکردن، یان...، بەواتا نەرێیەکەی دەتوانرێت لێکەوتەی واتایی جیاجیای بەپێی بوارو نیشانەو دیاردە پراگماتیکییەکان لێدەستنیشانبکرێت، چونکە مۆرفێمی سینتاکسی>-ەکە<بەپێی شوێن‌وکات‌و مەبەستی قسەکەر دەگۆڕێت‌و دەبێتە نیشاندەری شوێنی جیاو مەبەستی جیا.

٤٦) سەرچاوەکەی پیسە.

ئیدیەمی(٤٦) بەمانای ئەوە دێت، کە بنەڕەت‌و بنەمای ئەوکارە باش نییە، یاخود سەرچاوەی ئاوی کانی پیسەو پاك نییە، یان بە سەرچاوەیەکی زانیاریش دەوترێت، کە نەشیاوانە زانیارییەکان بڵاوبکاتەوە. لەم

---

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شیلان عومەر حسەین(٢٠١٢: ٢٥).

ئیدیەمانەدا هیچیان بە واتای دروستی خۆیان بەکارنەهێنراون‌و مۆرفیمی دیاریکردن و دیارینەکردن دەبنە دەستنیشانکەری واتای دەربڕاوەکە بە پێی دەوروبەرو مەبەستی بەکارهێنەران‌و شوێن‌و کات...، بەهۆی ئەم مۆرفیمانەوە دەزانرێت کە ناوەکە بۆچ مەبەستێك خوازراون‌و چوێنراون، بۆ نمونە بڕوانە: (بزنەکەی دێلێژە، ئاگرەکەی خۆشکرد، ئاوێکی خراپی ڕشتووە، ئەوە خەوێك بوو دیت و نایبینیتەوە، ئێختەیان کرد، بارەکەی شووشەیە، بایەکی باڵی خۆت بدە، بە پەڕێك سەردەبڕێت، بە تاکە گوڵێك بەهار نایەت، بە تیرێك دوو نیشانە دەپێکێت، حەوشەکەی خوارە).

جێناوەکانی ئاماژە >ئەم – ە، ئەو – ە<ش، لەگەڵ مۆرفیمەکانی >- ەکە، – ەکان، – ێك< لەبەرئەوەی نیشانەکانی {+ ناسراویی و دیاریکراوی، + تاك و کۆ} دەگەیەنن، بە یەك گروپ دانراون، بە نیشانەی پراگماتیکی لە زانستی پراگماتیکدا دیاریکراون، ئەم نیشانانە دەربڕی بارودخی ئاخاوتن‌و شوێن‌وکات‌و نیشانەی کۆمەڵایەتی‌وەدەقن لە زماندا، دەتوانرێت تەنها بەهۆی پراگماتیکەوە واتایان دیاریبکەین، بڕوانە:

٤٧) نانێکی بەو ڕۆنەوە خواردووە.

٤٨) ئە م گایە بە گوێرەکە نابێت.

٤٩) تازە ئەو باوکەی مرد.

٥٠) ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت.

٥١) ئەم قەوانە هەر نەبڕایەوە!!

٥٢) ئەو سەرە سەری خۆی نییە.

٥٣) ئەو کانیەی ئاوی لێدەخۆیتەوە بەردی تێمەهاوە.

دەوروبەرو بەکارهێنان سەرچاوەیەکی بنەڕەتین لە دیاریکردنی واتای ئیدیەمدا بەگشتی‌و ئەرکی مۆرفیمە مۆرفۆسینتاکسیەکانیدا بەتایبەتی. ئەمەش بنەڕەتی زانستی پراگماتیك پێکدەهێنێت، لەبەرئەوەی ئیدیەمەکان زادەی کۆمەڵن‌و لە ئاکامی بەکارهێنانی زمانیەوە لە دەوروبەردا بەرهەمدەهێنرێن، بۆ لێکدانەوەی واتاکەی دەبێت چوارچێوەی باری وتنەکە لەبەرچاوبگیرێت، لەبەرئەوەشە ئەم کەرەستانە بە نیشانەکانی پراگماتیك ناوزەدکراون.

مۆرفیمی ڕێزمانیی کۆ>–ان<یش بە هەمان شێوە، ئەگەر بۆ لێکدانەوەی واتایان نەگەڕێینەوە بۆ بارودۆخ‌و ڕوداوی ئاخاوتن، ئەوا دەبنە هۆی دروستبونی لێڵی‌و تەمومژیی واتایی، بڕوانە :

٥٤) تەنیا گۆڕەکەم لەڕێی خێڵان بێ

نزیك هەوارگەی جاف و گۆران بێ

لەنیوەدێڕی یەکەمدا (خێڵان) بەهۆی ئەو (ان)ەوە کۆمەڵێك واتاو مەبەست دەگەیەنێت، لەوانەش مەبەست لە خێڵان کۆی (خێڵ) بێت، یاخود (خێڵان) وەك ناوی کەسێك بەکارهاتبێت، یا مەبەستی سێیەم ئەوەی کە ڕێی بانی خێڵان‌و بۆ کورتکردنەوە تەنها خێڵان بەکارهاتبێت.یان ئیدیەمێکی وەك:

٥٥) باریکان دەڕێسێت.

لێرەدا مۆرفیمی>–ان<، کە بوّتە کوّکەرەوەی ئاوەڵناوەکە، ئەگەر بە پراگماتیکی شینەکرێتەوە تێنەگەیشتن بەرهەمدەهێنێت، ئایا ئەمە مەبەست بە کەسێکی زۆر بڵێیە، زۆر درێژە بە قسە دەدات، یان بە منداڵێك دەوترێت کە زۆر نوزە نوز بکات‌و بیانوو بگرێت،یان... هەموو ئەمانە تەنها پراگماتیك دەستنیشانکەریی واتایانە.

٢. ڕادە: ئەمانیش دەرخەری ناوەکانن‌و ڕادەو چەندێتی‌و بواریان دەردەخەن، لە هەندێ زماندا ڕادە بەپێی

تایبەتمەندی سیمانتیکیی ئەو وشەیەی وەسفی دەکەن، دەگۆڕێن و بە پێی دەوروبەرو کردەی ئاخاوتنیش لێکدانەوەو مەبەستی جیاجیا هەڵدەگرن، بۆنموونە > زۆر، هەموو، هەندێك...<.

٥٦) هیچی لە خۆ نەگرتووە.

٥٧) زۆر بڵێیە.

٥٨) زۆری تێگوشیووە.

٥٩) هەموو ڕێیەك بۆ بانە دەچێت.

٣- دۆخی ڕێزمانی لە ئیدیومدا:

یەکێك لەو مۆرفێمە مۆرفۆسینتاکسیانەی ڕۆڵی کارای لەم بوارەدا هەیە، مۆرفێمی /-ی/ خاوەندارێتیە، پەیوەندیی خاوەنداری دەردەبڕێت[28] و دۆخی ڕێزمانی خستنەپاڵ لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست دەبەخشێت ئەمە لە سینتاکسدا، ئەم پەیوەندییە بەهۆی پراگماتیکەوە دەکرێت بۆ مەبەستی جیاجیا بەکاربهێنرێن، بڕوانە:

٦٠) دانی مار.

٦١) مانگای مالوان.

دەگونجێت ئیدیەمی (٦٠)، بۆ منداڵێکی هارو نالەبارو..یان بۆ کەسێکی بزێوو وریا ..بەکاربهێنرێت.

هەردوو چەشنە پێشناوەکان، پێشناوە ڕەسەنەکانی (بە، لە، بۆ، ە)، کە سەربەخۆ لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، پێشناوی ناڕەسەنی (پێ، لێ، تێ)ش ئەمانە سەربەخۆ لەناو فەرهەنگدا تۆمارنەکراون و وەك بەشێکی بنجیی کردار بە فۆڕمێکی فۆنۆلۆژیی فەرهەنگییەوە لە فەرهەنگدا تۆمارکراون[29]، دۆخی ڕێزمانی خستنەپاڵ و پێشناوی دەدەن.

٦٢) بەلادا هات.

٦٣) بەسەریدا هات.

٦٤) پێی لێ داگرت.

٦٥) تێی گیراوە.

هەریەك لەو ئیدیەمانەی(٦٢-٦٥)، بەپێی دەوروبەرو بۆنەو مەبەستی ئاخێوەرانو بارودۆخی ئاخاوتنو شوێنو کاتو ...لێکەوتەی واتاییو مەبەستو ناوەڕۆکی جیا دەگەیەنن، بۆ نمونە ئیدیەمی(٦٢) چەند لێکەوتەیەکی هەیە، وەك(لە برساندا بە لادا هاتبێت، یان بورا بێتەوەو نەخۆش بێت، یاخود مردبێت، یان دەگونجێت بە کەسێکیش بوترێت کە ئەوەندە درەنگ گەیشتبێتە شوێن کارەکەی یان زۆر هێواشو لەسەرخۆ بێت پێبڵێن دەڵێی بە ئوتومبیلی لادا هاتوویت...).

٤. کلیتیك:

کلیتیکەکان لە زماندا ئەرکی گرنگ دەگێڕنو واتایان تێدا کۆدەبێتەوە، بەتایبەت لە مۆرفۆسینتاکسداو لەبواری ئیکۆنۆمیکی زمانیدا، ئەمانە لەڕووی پراگماتیکیشەوە زۆر چالاکنو کاراییو سەلیقەی دەوێت لەبواری بەکارهێناندا. جێناوی لکاو (کلیتیك) "ئەو کەرەسە زمانییانەن، کە سەر بە نیشانەکاننو واتایان

---

[28] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە عەبدولجەبار مستەفا(٢٠٠٥).

[29] محەمەدی مەحوی (٢٠٠١: ٥٦).

بەپێی کات و شوێن و بۆنەی وتن و کەسەکانی بەشداربووی وتن و چوارچێوەی بارو تەنانەت بەپێی کۆمەڵ و چین و توێژو سەرلەبەری ئەو دەوروبەرەی کە تیایدا بەکاردێن، دەگۆڕێن و واتایەکی جێگیریان نابێت. دیارە ئەمەش بەپێی بەکارهێنانەکانیان دەبێت".[٣٠] نمونەی کلیتیکەکان وەك:

٦٦) مەیانخۆن.

بۆ نمونەی ئیدیەمیش بڕوانە:

٦٧) کردمیت بە جۆلا مەکۆم بدزی؟!

٦٨) بەر سمێلیان کرد.

٦٩) خۆی لێدا.

٥. پاشکۆکانی کردار:

لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە مۆرفیمە مۆرفۆسینتاکسیەکانی کردار کە بە لاگرە سینتاکسیەکان بەرجەستەکراون، بەم شێوەیە گەردانکراون[٣١]:

ا- تاف (Tense): پۆلە ڕەگەزێکی ڕێزمانییە، دەربڕی چەمکەکانی (تافیی، ڕوکاری)ەو، لە سەر کردارەکان دەردەکەون، ئەمە لە سینتاکسدا ، لە سیمانیکیشدا پەیوەندی واتاییان لەگەڵ ئەو هەڵوێستەی کە بەهۆی ڕەگی کردارەوە دەردەبڕێت، هەیە. لە زمانی کوردیدا بۆ ڕابوردو، ڕانەبوردو پۆلێنکراوە، مۆرفێمەکانی > /ت ~ د/، ا، و، ی/ < و > /دە-/ < دەیاننووێنن، بڕوانە:

٧٠) چاوی لێنوقاند.

٧١) ببێت بە ئاگریش کوێ دەسوتێنێت.

ب- ڕوکار (Aspect): پۆلە ڕەگەزێکی ڕێزمانیی پێکهاتەی کردارییە، واتە دروستەی ناوەکی هەڵوێستەکانەو بۆ نیشاندانی ئەو پۆلەڕەگەزە ڕێزمانیانە بەکاردەهێنرێن، کە بە دروستەی هەڵوێستێکەوە یان بە ڕوانگەی قسەکەرەوە بەستراون. بەهۆی مۆرفێمەکانی /دە-/، /-ووە/، /-وو، ە، -وە/ نیشانەکراون.

٧٢) خۆی ڕادەوەشێنێت.

٧٣) چاوی ڕونبووەوە.

٧٤) چاوی ڕەشی کاڵبووەوە.

پ- ڕێژە (Mood): پۆلەڕەگەزێکی ڕێزمانیی کردارەکانە، ئاماژەدەرە بە کۆمەڵێك واتای سیمانتیکی و سینتاکسیی و پەیوەندی کردار بەڕاستیی و مەبەستی قسەکەرەوە پەسندەکەن. سێ چەشن دیاریکراوە ڕێژەی ئاسایی (دڵنیایی) و ڕێژەی ئیلزامی و ڕێژەی فەرمان، هەردوو چەشنی دووهەم و سێهەمی ڕێژە لە حاڵەتی ئەرێیدا بە پێشگری /-ب/ و لە نەرێیدا بە /نە-/ دەنوێنرێن. بڕوانە:

٧٥) بکوژوبڕ خۆیەتی.

٧٦) ئاساری لەسەر پاداری نەماوە.

٧٧) پێستی لە دەباخ نایەت.

هەموو ئەو مۆرفێمە ڕێزمانییانەی بەشداری لە دروستکردنی ڕێژەی کرداری زمانی کوردیدا دەکەن، کارایانە لە پراگماتیکدا ڕۆڵ دەبینن، وەك:

---

[30] هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٠: ٥٨).

[31] بڕوانە شیلان عومەر حسەین(٢٠١١)و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا خراونەتەڕوو.

٧٨) خۆزگە چاوی لە چاوی بهاتایە.

٧٩) خۆزگە بمشتایە.

لێرەدا بەهۆی دەوروبەری ئاخاوتن‌و پەیوەندی نێوان قسەکەرو گوێگرو کات‌و شوێن‌و...تاد، دەتوانرێت مەبەست‌و بۆنەی ئاخاوتنەکە دیاریبکرێت، لە نمونەی دووەمدا ئایا مەبەست پێی شتنی کەلوپەل‌و جلوبەرگە، یاخود بەواتای بە قسە (داشۆرین)ی کەسێك دێت، واتە ئەم مۆرفێمانە جگە لەو واتایانە گومان‌و خۆزگەو ئارەزوو... دەگەیەنن.

یان کرداری مەرجی فۆرمی ڕێژەی گومانی بەرجەستەدەکەن، بڕوانە:

٨٠) ئەگەر کاوێژی بکردایە، گۆشتی بۆ خواردن دەشیا.

٨١) ئەگەر دەستی بڕوات، پیاو لە پشتەوە سەردەبڕێت.

٦- پارتیکڵ:

جگەلە هەندێك لەو واژەگۆکەرانەی لەپێشەوە باسکران، پارتیکڵەکانیش بەهەمان شێوە دەتوانن واتای جۆراوجۆرو جیا بگەیەنن. ئەمەش بەهۆی پەیوەندیی نێوان قسەکەرو گوێگرو باری وتن‌و کردەی وتن لە دەوروبەرەکەدا دیاریدەکرێت، لەوانەش وەك گومان‌و مەرج‌و نەرێ‌و جەختکردن‌و...تاد. وەك:

٨٢) دە دەستی پێمەکە.

٨٣) وا نەڕژاوە نەپڕژێت .

٨٤) دەك بە قوڕدا بچیت..

٨٥) هەی ملی شەیتان بشکێت.

٨٦) ها لە کورەی پەژارەدا.

٨٧) هەر موویەکی بە ساڵێك ڕواوە.

واتاو لێکدانەوەی جۆراوجۆر دەتوانرێت دیاریبکرێت، بەپێی کردەی ئاخاوتن‌و بارودۆخی ئاخاوتنەکە.

بەگشتی پراگماتیك بریتییە لەو واتایەی لە دەوروبەرەوە هەڵدەهێنجرێت‌و زمان بەکارهێنان بواری کارکردنی زانستی پراگماتیکەو پەیوەندی بە چالاکییەوە هەیەو پابەندی واتای نافەرهەنگیی وشەو دەربڕینەکانە، ئیدیەم وەك هەر یەکەیەکی ئاخاوتنی زمانیی، چوونیەکە لەگەڵ پراگماتیکدا، لەوەدا کە بۆ لێکدانەوەی واتاکەیان، پێویستیمان بە دەوروبەرو چوارچێوەی وتن و مەبەستی قسەکەر هەیە، بۆ شیکردنەوەشیان دەبێت بۆ دروستەکانیان بگەڕێینەوە، کە لەم باسەدا لە دروستەی مۆرفۆلۆژیی ئیدیەم پەیوەست بە پراگماتیکەوە دواوین.

## ئەنجام

١. مۆرفۆلۆژیو پراگماتیك دووڕایەڵەی لێکنەبچڕاوو پەیوەستن، کە ئەمسەرو ئەوسەری ئاخاوتنەکانمان بەیەکدەگەیەننو کردەی پەیوەندیگرتنو پێڕاگەیاندن پێکەوە کامڵدەکەن. بنەڕەتی مۆرفێمەکانی پەیوەندییو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی بەمەبەست(پراگماتیکیانە) لە زماندا بەکارهێنراون، بەوەی ناتوانین هیچ کەرەسەیەکی زمانی با مۆرفێمێکیش بێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخو ڕوداوی ئاخاوتن لێکدانەوەو شیکردنەوەی واتاییان بۆ بکەین.

٢. مۆرفۆپراگماتیك تەنها لەلایەنی مۆرفۆلۆژیو پراگماتیکی دەربڕاوەکان ناکۆڵێتەوە، لە ناواخنیدا سینتاکسو سیمانتیكو لایەنی کۆمەڵایەتیو کلتوریو دەرونزانی... لەخۆگرتووە، لەبەرئەوە بە زانستی فرە ڕەهەند، یان فرە پسپۆڕی لە زانستی زماندا ناسێنراوە.

٣. ئیدیەم وەك چەشنێکی دەربڕاوە نادارشتەییەکان ئەو بوارەی پراگماتیکە، کە بەبێ بارودۆخو ڕوداوو کردەی ئاخاوتن ناتوانین بە پڕاوپڕی لە واتایان بگەینو شیکردنەوەی واتاییان بۆ بکەین، بە واتا پراگماتیك زمان بەکارهێنانە و ئیدیۆمیش یەکێکە لەو ڕێگایانەی زمانی تیادا بەکاردەهێنرێت.

## سەرچاوەکان


أ- بە زمانی کوردی:

١. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، مۆرفۆلۆژی، بەشی یەکەم، ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد، بەغدا، ١٩٧٩.

٢. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، مۆرفۆلۆژی، نامە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد، بەغدا، ١٩٧٩.

٣. بەکر عومەر عەلی، بەستنو کرتاندن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٢.

٤. جەلال مەحمود عەلی، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەرگی دووهەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم (١٣٢)، سلێمانی، ٢٠٠١.

٥. دیوانی مەحوی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسو موحەمەدی مەلاکەریم، چاپی پێنجەم، چاپخانەی (انتشارات کردستان) لە سنە، ٢٠٠٨.

٦. سازان زاهیر سەعید، پێزی مۆرفێمە داڕێژراوەکانی بچووککردنەوەو ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٩.

٧. محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٨. محەمەد مەحویی، ڕستەسازیی کوردی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠١.

٩. هۆگر مەحمود فەرەج، پراگماتیكو واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٠.

ب- به زمانی ئینگلیزی:


1. A.Spencer& A.M.Zwicky(2007),The handbook of Morphology, Blackwell.
2. Gramley, S. & Patzol (2004). A survey of Modern English. Second edition, London.
3. Hurmiz, Salam Ni'mat, Idiomatic Expressions in English: A Syntactic Semantic Study, Arts College, University of Salahaddin- Arbil, 2002.
4. J.Verschueren(1999), Understanding Pragmatics, ,London.
5. Jackendoff, R. (1999). Semantic and Cognition. Cambridge, Mass. MIT press.
6. Lang lotZ, A (2006) Idiomatic Creativity, John Benjamins B.V, Amsterdam/ Philadelphia
7. Levinson, Stephan C., 1983. Pragmatics, Cambridge University Press.
8. M.Haspelmath(2002) Understanding Morpholog,London.
9. SH. Ozhong(2003),Pragmatics Updates,Guanexi.
10. Steinberg, D. D. (1999), psycholinguistics Language, Minct and World, Six impression, Longman, London and New York.
11. W.U.Dressler(1994),Morphpragmatics,Barbaresi.



**ملخص**

**هذه الدراسة بعنوان ( مورفو البراغماتيكي للكناية فى اللغة الكوردية)، تحاول تحديد ادوات الصرف والبراغماتيكى ودراستها فى الكنايات وكيفية فهمها، خلال تقديم نماذجها و تركيبة الصرف والبراغماتيكى لأشكال الكناية الكوردية.**

**الكناية تعبير غير إنشائي، لها أجناس وأنواع من حيث الدلالة والشكل والتركيب والبناء، وتكون مجالا واسعا للظاهرة و عملية البراغماتيكية.**

**الكناية اهم مجال لدراسة وتحقيق وتحليل التعابير على بناء سياقات الكلام و اوضاعها وحدثها، لان كليهما مرتبطة باستخدامها فى المجتمع.**



## Abstract

This study entitled (The Morphpragmatics of Idioms in Kurdish Language) tends to determine or specify the Morphological and pragmatic Morpheme and studied in Idioms and how to understand them. , through the provision of their models and a combination of exchange and pragmatic Kurdish forms of idioms.

Idioms are uncompositional expressions, having types and sorts in terms of meaning as well as form and structure. A proper idiom is an idiom that has an ambiguous meaning accompanied by a fixed shape or frozen form.

idioms most important field of study and investigation and analysis of the expressions on building speech contexts and their positions and updated, because both linked by using in community.